# دەسەڵاتی چوارەم.. ماف و ئەرک و پێکهاتەکانی

## ١

**دەسەڵاتی چوارەم چییە مافەکانی چین لە دوای مافەکانی ئەرک دێن، چ پێکهاتەیەکی هەیە بەپێی ئەوەی کە لە نۆهەدەکان و هەشتاکانیش ئامرازی راگەیاندنی گشتی تووشی تەقینەوە بووە ئەم تەقینەوەیەش کاری لەسەر سایکۆلۆژی خەڵک واتا هاوڵاتییان لەسەر کەرەستەکان کارتێکەری کەرەستەکان کردووە تەنانەت لە سەرەتادا ئێستاش تۆزێ قەیرانی بۆ دیموکراسی دروستکردووە.. کاتێک دەبینین رێکخراوێکی وەکو(القاعیدە) یا کەسێکی وەکو (ئەبو سەیاف) کەڵک لە ئەنتەرنێت وەردەگرن.**




**د. قەرەنی قادری**

**سەرۆکی زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان**


ماڵپەرێکی وەکو BBCیش کەڵکی لێوەردەگرێت. چۆن دەکرێ ئێمە ئەم پرسە چارەسەر بکەین ئایا بۆمان چارەسەر دەکرێت یان داخراوەیە، ئەوەی کە باسی دەکەم لێرەدا دەسەڵاتی چوارەم و پێکهاتەکانی لە ئەرک و مافەکانیدا دەسەڵاتێکی دیموکراتیکدایە وا تامن باس لە دەسەڵاتێکی تۆتالیتار یا دیسکۆتیستی دیکتاتۆری ناکەم کە چۆن راگەیاندن چۆن کار دەکاو تەنیا لەوێدا ئەرکی هەیە مافی نییە. هەوڵەکەی منیش بە کوردی کردنی ئەزموونی ئەوروپایە کە چۆن دەکرێت ئێمە لە بوارێکی کوردستانیدا باس لە راگەیاندن بکەین. پەیوەندی بە هاووڵاتییانەوە بکەین و ئەڵقەی نێوان هاووڵاتییان و دەسەڵات کە دەسەڵاتی چوارەمە چۆن وەگەرخەین چۆن بتوانێت لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا هەوڵبدا فۆرم بەو دەسەڵاتە بدا لە زمانی یەکگرتووی کوردیدا بەشداربێت هەڵبەتە زمانی یەکگرتوو لە مەیدانی راگەیاندندا یا بە واتایەکی دیکە لە شووشتنەوەی زماندا بەشدار بێت...

دیارە کاتێک باسی ئەم دەسەڵاتانە دەکرێت باسی دەسەڵاتی یاسادانان دەکەین کە وەکو پەرلەمان کاری دانانی رێوشوێن و ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتییەوە فۆرمدان بە قەوارەیەکی سیاسییە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا لە پاڵ ئەوەش باس لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن واتا دەوڵەت دەکەین کە دەوڵەت ئەم ئەرکانە بەرێوە دەبات بە وردەکارییەکانییەوە لە خانەو شانەکانی کۆمەڵگادا. لەپاڵ ئەوەش دەسەڵاتی دادوەریمان هەیە کە ئەم حوکم و بریارانە بە یاسایی دەکا واتا قەوارەیەکی یاسایی حقوقی بۆ کۆمەڵگایەک دیاری دەکات. کە کاتێک باسی ئەم سێ دەسەڵاتە دەکەین راستەوخۆ زانایان باسی مۆنتۆسکیۆ دەکەن کە ئەم دەوڵەتەی چۆن دابەشکردووە واتا دەگەرێتەوە دوای سەدەکانی ناوەراست کە دەوڵەت دابەشکراوە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی لێکجیابکەنەوە لە رەوتی خۆشیدا چەند سەد ساڵە توانیویەتی فۆرمی باشتر بگرێت، بەڵام دوایی پرسی ئەوە بوو باشە ئەم سێ دەسەڵاتە کارەکانیان ناکەن واتا بەشی یاسادانان یاساکانی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگا نایەتەوە دەوڵەت لە کارەکانیدا چالاک نییە وەڵام دەرەوە بەرپرس نییە بەشی یاسا بەشی دادوەری نادادوەرە لێرە دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی دەسەڵاتێک ئەی هاووڵاتییان چارەیان چییە لە شوێنێکی وادا زانایەکی بەریتانی وەکو ئیڤنینگ بیرگ بیر لەوە دەکاتەوە کە چارەی هاووڵاتییان چییە ئەو بیر لە دەسەڵاتی چوارەم دەکاتەوە.

**ئەمە پۆختەی ئەو کۆرەیە کە دەنگی کوردستانی عێراق بۆ دکتۆر قەرەنی قادری لە باخچەی رادیۆیەکە سازی کردبوو.**

**ئا: ئومێد نانەکەلی**

**وێنە: فەرهاد تەڵعەت**




أسماء الألوان / دوا سةرنج / الصفحة: ٨٠ / ١/٣/٠٤ / 11:23 PM